


## بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن تبعهم بإحسان الى يوم الدين.

ڕەنگە شتانێك كە خەڵكێكی كەم تا زۆر هۆگری بوون نامۆبن بەو حوكمەی ئایا لەلایەن شەرعەوە ڕێگە پێدراوە یان نا، یاخود ببێتە تەوەری گفتوگۆ لای هەندێكی تر.

بەباشمان زانی كە گۆرانی و ئاواز وەتێڕوانینی شەریعەتی ئیسلام لەم بارەیەوە بخەینە ژێر ڕۆشنایی ئایەتە پیرۆزەكانی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) و ووتەی زانایانەوە، ئەو ئایەتانەی كە زانایان دەیكەنە بەڵگە بۆ حەرامێتی و ڕێگەنەدان بەگۆرانی و ئاواز، خودای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَشْتَرِي لَهْوَ الْحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًا أُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُهِينٌ﴾ [لقمان: ٦] .

زۆربەی زانایانی تەفسیر لەسەر ئەو بۆچوونەن كە ووشەی (لهوالحديث) لەئایەكەدا هاتووە مەبەست پێی گۆرانییە . كەواتە واتای ئایەتەكە بەوشێوەی لێ دێت (كەسانێك هەن لەخەڵكی ئارەزووی ووتەی بێ سوود وەك گۆرانی و ئاواز دەكەن و دەیكەن بۆ لادان لەڕێگەی خودا و دەیكاتە گاڵتەجاری، ئەو كەسانە سزایەكی ئابروبەریان بۆهەیە). لەو زانایانەش إبن كثير لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرمێت ( باسی حاڵی سەرپێچی كەران دەكات، ئەوانەی پشتیان هەڵكردووە لەسوود وەرگرتن لەووتەكانی خودا و ڕوویان وەرگێڕاوە بۆ گوێ گرتن لە زوڕنا و گۆرانی بەئاوازو ئامێرەكانی ژەنینەوە )(١) .

وە هەروەها عبدالله ی كوڕی مسعود (رضي الله عنه) سوێندی خواردووە كە مەبەست بە لهو الحديث گۆرانییە(٢)، وەبەهەمان شێوەی ئەم لێكدانەوەیەش إبن عباس وجابر وعكرمة وسعيد بن جبير ومجاهد و مكحول و عمر بن شعيب و علي بن بذيمة هەمان بۆچونیان هەیە(٣) .

---

(١) (تفسير ابن كثير: ٣/٤٤٢).

(٢) (المصدر السابق).

(٣) (المصدر السابق).

وە پێشەوا (قرطبي) دەفەرمێت: ووشەی (لهو الحـــديث) بریتـیـیە لـە: گۆرانی لـە ووتـەی ابـن مسعود و ابن عباس و جگە لەوانیش نحاس کە قەدەغەیە بە قورئان و سوننە[٤] .

لەئایەتێکی تردا خوای گەورە دەفـەرمێت: ﴿وَاسْتَفْزِزْ مَنِ اسْتَطَعْتَ مِنْهُمْ بِصَوْتِكَ وَأَجْلِبْ عَلَيْهِمْ بِخَيْلِكَ وَرَجِلِكَ وَشَارِكْهُمْ فِي الْأَمْوَالِ وَالْأَوْلَادِ وَعِدْهُمْ وَمَا يَعِدُهُمُ الشَّيْطَانُ إِلَّا غُرُورًا﴾ [الإسراء: ٦٤].

لەم ئایەتەدا خوای گەورە بە (شەیتان) دەفەرمێت: (هەرکەسێك لەوانە هانیان بـدە ئەوەنـدەی دەتوانیت بەدەنگت و گۆرانیەکانت هاواربکە بەسەریاندا بەسوارەو پیادەکانتەوە و هاوبەشیان بکە لەسامان و ماڵ و منداڵانیاندا وە بەڵێنیان پێ بدە وە شەیتان بەڵێنیان پـێ نـادات تـەنها فریـودان نەبێت ).

پێشـەوا قـــرطبي دەفـەرمێت: (لەئایەتەکـەدا بەڵگـەی تێدایـە لەسـەر حـەرامێتی شمشـاڵ و (هاوشێوەکانی) و گۆرانی و ئامێرەکانی مۆسیقا)[٥]، وەلەتەفسیری (الجلالين) دا هاتووە: (بـەبانگ کردنت بە گۆرانی و شمشاڵ و زوڕنا، وەهەموو بانگ کردنێك بۆ سەرپێچی خودا بێت)[٦]، وەمجاهد دەفەرمێت: (بصوتك) مەبەست پێی گۆرانی و شمشاڵە[٧] .

وە خودای گەورە لەئایەتێکی تردا دەفـەرمێت: ﴿أَفَمِنْ هَذَا الْحَدِيثِ تَعْجَبُونَ وَتَضْحَكُونَ وَلَـا تَبْكُونَ وَأَنْتُمْ سَامِدُونَ﴾ [النجم: ٥٩ – ٦١] .

واتە: ( ئایا ئێوە بەم قورئانـە سەرسـام دەبـن، وە پێدەکـەنن و نـاگرین، وەبێئاگـان و خۆتـان سەرقاڵ کردووە بەگۆرانیەوە).

لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا (الفريابي وە أبوعبيد لـە فضائل دا وعبد بن حميد وابـــن أبي دنيـــا لـە ذم الملاهي دا وە البزار وابن جرير و ابن أبي حاتم و البيهقي لـە سنن دا دەفـەرموون: (أنـــتم ســـامدون) بریتـیـیە لەگۆرانی (الغناء) بەزاراوەی یەمەنی)[٨] . وە هەروەها ابن الجوزی دەفـەرمێت: بـەزاراوەی یەمەنی ئەڵێن (اسمد لنا) أی (تغن لنا) واتە: گۆرانیمان بۆ بڵێ[٩]. لەوەی کە ڕابـوورد بۆمـان ڕوون بووەوە لە لێکدانەوەی زانایانی تەفسیر بۆ ئایەتەکان بریتی بوو لە حـەرامێتی گۆرانی و مۆسـیقا، وە چەندین فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر ڕێ پـێ نـەدانی شـەریعەت بـۆ گـۆرانی و مۆسـیقا لەوانەش:

عن أبي عامر – أو أبي مالك – الأشعري (رضي الله عنه) قال: سمعت النبي (ﷺ) يقول: (ليكونن من أمـــتي أقوام يستحلون الحر والحرير والخمر والمعازف...)[١٠] .

---

(٤) (تفسير القرطبي: ٢٩٠/١٠).

(٥) (تفسير القرطبي: ٢٩/١٠).

(٦) (تفسير الجلالين).

(٧) (مختصر تفسير ابن كثير: ٤٧٧/٢).

(٨) (فتح القدير: ١١٩/٥).

(٩) (رواه عكرمة عن ابن عباس(رضي الله عنه)، (زاد الميسر): (٨٦/٨).

(١٠) (أخرجه البخاري: ٥٥٩٠)، و(البيهقي: ٥٨٩٥) (٢٠٧٧٧)، و(الطبراني في الكبير: ٣٤١٧).

**واتە لەئوممەتی مندا گەلانێك پەیدا دەبن کە داوێن پیسی و حەریر و مادە بێ هۆش کـەرەکان و مۆسیقا حەلاڵ دەکەن.**

عن أنس بن مالك (ﷺ) قال: قال رسول الله (ﷺ): (صوتان ملعونان في الدنيا والأخرة: مزمار عند نعمة ورنة عند المصيبة)(١١) .

**واتە: دوو دەنگ نەفرەت لێ کراوە لە دونیاو ئاخیرەت دا ( ئاوازو مۆسیقا لەکاتی خۆشـیدا، وە دەربڕینی دڵتەنگی بەدەنگ لەکاتی نەهامەتیدا.**

وعن عبدالله بن عباس (ﷺ) قال: قال رسول الله (ﷺ): (إن الله حرم علـيكم الخمـر، والميسـر، والكوبة، وقال كل مسكر حرام)(١٢) .

**واتە: خودا لەسەرتانی حەرام کردووە خواردنەوە بێ هۆش کەرەکان و قومارکردن و تەپڵ، وە ووتی هەموو مادەیەکی سەرخۆشکەر حەرامە.**

وعن عمر بن حصين قال: قال رسول الله (ﷺ): ( يكون من أمتي قذف، ومسخ، وخسف، قيـل: يارسول الله ومتى ذلك؟ قال: إذا ظهرت المعازف، وكثرت القيان، وشربت الخمور)(١٣).

**واتـە: (لەئوممـەتی مـن دا تێگـرتن و ڕەمـی کـردن، وەگـۆڕینی مرۆڤـ بـۆ ئـاژەڵ، وەڕۆچـوون (بەزەویدا) ڕوودەدات، ووترا ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) کەی ئەمە دەبێت؟ فەرمووی: کاتێـك کـە مۆسیقاو ئاواز دەرکەوتن، وە زۆربوونی کەنیزەکی گۆرانی بێـژ، وە خواردنـەوەی مـادە بـێ هـۆش کەرەکان).**

**ئەم فەرموودانەی پێغەمبەر (ﷺ) زۆر بەڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەخـات کـە گـۆرانی و مۆسـیقا خودای گەورە حەرامی کردووە لەسەر موسڵمانان وەلەگەڵ مادەی سەرخۆش کەر و قوماردا باسی کردووە .**

**کۆدەنگی زانایان (الإجماع) لەسەر حەرامێتی گۆرانی و مۆسیقا**

قال الإمام الطبري (فقد اجمع علماء الأمصار على كراهة الغناء والمنع منه)(١٤) .

**واتە: زانایانی شارەکان کۆدەنگن وەهاو دەنگن لەسەر نەویستراوی گۆرانی و ڕێ گرتن لێی.**

وقال الإمام القرطبي: ( أما الغناء فلاخلاف في تحريمه لأنه من اللهو واللعب المذموم بالإتفاق)(١٥).

**واتە: گۆرانی ناکۆکی نىیە لەسەر حـەرامێتی چـونکە لەهۆیـەکانی ڕابـواردن و گاڵتەچـێتیـیە و سەرزەنشت کراوە بەڕێکەوتنی (زانایان) .**

وقال البغوي: (واتفقوا على تحريم المزامير، والملاهي، والمعازف)(١٦).

---

(١١) (ترغيب الترهيب: ٥٣٥٣)، و (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٤٢٧)

(١٢) (أخرجه أبو داود: ٣٦٩٦)، و(أحمد: ٣١٠٤)، والبيهقي ( ٢٠٧٧٩ ، ٢٠٧٨٠)، وفي أبوداود معه، قال سفيان: فسـألت عليً بن بذيمة عن الكوبة، فقال الطبل . وصححه الألباني في الصحيحة: (٢٤٢٥).

(١٣) أخرجه الترمذي(٢٢١٢) ، وفي الصحيحة: (١٦٠٤).

(١٤) تلبيس إبليس (٢٦٣).

(١٥) نقلته من شرح سنن ابن ماجة (٩٢/١).

واتە: (زانایان) ڕێکەوتوون و هاوڕان لەسەر حەرامێتی زوڕناو ئامێرەکانی ڕابواردن و مۆسیقا.

وەهەروەها (ابن صلاح) یش کۆدەنگی زانایانی ئاماژە پێ کردووە[١٧].

وە ئوممەتی ئیسلام هەرگیز لەسەر شتێك هاودەنگ نابن کە پێچەوانەی ڕاستی بێت هەروەکو پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرموێت:

(إن أمتي لاتجتمع على الضلالة)[١٨].

وەزۆرێك لە پێشین سەرزەنشتی گۆرانی و مۆسیقا و ئەو کەسانەیان کردووە کە گوێی لێ دەگرن یاخود خۆیان بەم کارەوە خەریك دەکەن و دەیکەن بەکردەوەی خۆیان وە لەوانەش هەندێك لەهاوەڵان و چوار پێشەواکەن، لەو وتانەش:

-ابن عباس(رضي الله عنه)دەفەرموێت:

(الدف حرام، والعازف حرام، والكوبة حرام، والمزمارحرام)[١٩] .

واتە دەف حەرامە، وەمۆسیقا حەرامە، وەتەپڵ حەرامە، وەشمشاڵ و هاوشێوەکانی حەرامن.

-وە عبدالله ی کوڕی مسعود (رضي الله عنه) دەفەرموێت:

(الغناء ينبت النفاق في القلب)[٢٠] .

واتە: گۆرانی دووڕوویی دەچێنێت لەدڵدا.

-وە فضيل بن عياض دەفەرموێت:

(الغناء رقية الزنا)[٢١] .

واتە: گۆرانی گەیەنەرو بەرەو پێش چوونی داوێن پیسییە.

-وەهەروەها پێشەوا (أبي حنيفة) ڕقی لەگۆرانی دەبووەوە و بەتاوان و سەرپێچی داناوە[٢٢] .

-پێشەوا شافعی لە (الأدب القضاء) دەفەرموێت:

(إن الغناء لهو مكروه يشبهه الباطل والمحال ومن استكثر منه فهو سفيه ترد شهادته)[٢٣].

واتە: گۆرانی بێ هودەو ناپەسەندە، هاوشێوەی ناڕەوایی و ساختەییە وە هەرکەسێك زیادەڕەوی تێدا بکات ئەوا گەمژەیەو شایەتی دانی ڕەت دەکرێتەوە.

-وەپرسیار لەپێشەوا مالك کرا دەربارەی گۆرانی، لەوەڵامدا فەرموی:

(إنما يفعله عندنا الفساق)[٢٤] .

---

(١٦) شرح السنة (٣٨٣/١٢)، نقلته من موسوعة المناهي الشرعية.

(١٧) (فتاوى ابن الصلاح: ٥٠٠/٢).

(١٨) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ١٣٣١).

(١٩) (أخرجة البيهقي: ٢٠٧٨٩).

(٢٠) (مدارج السالكين: ٤٨٧/١).

(٢١) (تلبيس إبليس: ص ٢٦٨).

(٢٢) (إغاثة اللهفان: ٢٢٧/١).

(٢٣) (إغاثة اللهفان: ٢٢٧/١).

**واتە: لای ئێمە تەنها خراپەکاران خەریکی ئەو کارەن .**

**–وە لەڕێڕەوی پێشەوا ئەحمەد دا شمشاڵ و نای و زوڕنا و سەمتور و مۆسیقا ژەنین و ڕەبابە و هاوشێوەکانی حەرامن، وە پێشەوا ئەحمەد دەقی لەسەر ئەمە داوە[٢٥]**

**پاش ئەوەی بۆمان ڕوون بووەوە کە گۆرانی و مۆسیقا حەرامن بەبەڵگەی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) وە کۆدەنگی زانایان، بەڵام زانایەکی وەکو پێشەوا** ابن حزم الظاهري **(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەم بارەیەوە پێچەوانەی کۆدەنگی زانایان دەکات و لەم بارەیەوە چەند بەڵگەیەك دەهێنێتەوە بۆ ڕێگەپێدراوی گۆرانی و مۆسیقا لەشەریعەتی ئیسلام دا، وە زانایانیش وەڵامیان داوەتەوە ئێمەش لێرە دا بەڵگەکان و وەڵامەکانیان دەخەینە ڕوو بەکورتی .**

**–ئەو فەرموودانەی کە پێشەوا ابن حزم پشتی پێ دەبەستێت بۆ ڕێگەپێدانی گۆرانی و مۆسیقا، وە وەڵامی زانایان بۆی ئەمانەن:**

**فەرموودەی یەکەم**

عن عائشة (دخل علي رسول الله (ﷺ) وعندنا جاريتان {من جواري الأنصار} (وفي رواية: قينتان) في أيام منى، تدفقان وتضربان} تغنيان بغناء، (وفي رواية: بما تقاولت، وفي اخرى تقاذفت) الأنصار يوم بعاث، {وليستا بمغنيتين}، فاضطجع على الفراش، وحول وجهه، ودخل أبوبكر(رضي الله عنه) {والنبي متغش بثوبه} فانتهرني (وفي رواية: فانتهرهما) وقال: مزمارة (وفي رواية: مزمار) الشيطان عند (وفي رواية: امزامير الشيطان في بيت) رسول الله (ﷺ) (مرتين)؟

فأقبل عليه رسول الله (ﷺ) (وفي رواية: فكشف النبي (ﷺ) عن وجهه) فقال: دعهما {يا أبابكر(ف) إن لكل قوم عيدا وهذا عيدنا} فلما غفل غمزتهما فخرجتا"[٢٦] .

**لەعائیشەوە پێغەمبەری خودا (ﷺ) هاتە ژوورەوە بۆلام وە دووکەنیزەکم لابوو {لەکەنیزەکەکانی ئەنصار} (لەڕیوایەتێکدا: دووکەنیزەك کەگۆرانی وتنیان دەزانی ){لەڕۆژانی مینا[٢٧] بەگورەوە دەفیان لێ دەدا} گۆرانیان دەوت بەگۆرانی (لەڕیوایەتێکدا: ئەیان ووت، وەلەیەکێکی تردا هەڵیان ئەدا ) ئەنصار لەرۆژی بعاث[٢٨] {بەڵام گۆرانی بێژ نەبوون}، لەسەر جێگاکە پاڵ کەوتوو ڕووی وەرگێڕا، وە أبوبکر(رضي الله عنه) هاتە ژوورەوە {پێغەمبەر (ﷺ) بەجلەکانی خۆی داپۆشیبوو} هاواری کرد بەسەرمدا واتە: أبوبکر (لەڕیوایەتێکی تردا: هاواری کرد بەسەریاندا**

---

(٢٤) (تلبيس إبليس: ص٢٦١).

(٢٥) (تلبيس إبليس: ص٢٧٩).

(٢٦) فەرموودەکەم لەکتێبی (تحريم آلات الطرب)؛ شێخی ئەلبانی یەوە وەرم گرتووە بەڕیوایەتەکانی تریەوە تا زیاتر جێی گفتوگۆ بێت و بابەتەکە دەوڵەمەندتر بکات ، سەیری (تحريم آلات الطرب ص ١٠٦ ، ١٠٧ ) بکە .

(٢٧) (منى): شوێنێکە لەنزیك مەککە حاجیان لێی دادەبەزن لەڕۆژانی (تشريق) .

(٢٨) (بعاث): جەنگێك بوو لەنێوان هەردوو تیرەی (أوس و خزرج)، وە بعاث بریتی یە لەقەڵای (أوس).

): وه ووتى ئاوازى (لەڕیوایەتێکی تردا: ئاواز) شەیتان لەلای (لەڕیوایەتێکی تردا: ئایا مۆسیقاکانی شەیتان لەماڵی) پێغەمبەری خودادایە (ﷺ) (دووجار)؟ .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕووی تێکرد (وە لەڕیوایەتێکی تردا: پێغەمبەر (ﷺ) دەمووچاوی ئاشکرا کردوو جلەکانی لەسەر لادا) ووتی: وازیان لێ بهێنە{ ئەی أبوبكر هەموو میللەتێك جەژنی خۆی هەیە وە ئەوەش جەژنمانە}.

ابن حزم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەمە دەکاتە بەڵگە بەوەی ئەگەر مۆسیقاو گۆرانی حەرام ببوایە ئەوا پێغەمبەر (ﷺ) نکوڵی لە أبوبكر (رضي الله عنه)نەدەکرد

وەزانایانیش بەم شێوەیە وەڵامیان داوەتەوە

١-نکوڵی کردنی پێغەمبەر (ﷺ) لە أبوبكر تەنها لەسەر دوو کەنیزەکە بوو لەبەر ئەو هۆیەی کە فەرمووی "هەموو میللەتێك جەژنی خۆی هەیە ئەمەش جەژنمانە" ئەمەش لەڕەوانبێژی پێغەمبەر بوو (ﷺ) لەدان پێدانان لەسەر نکوڵی أبوبكر بۆ ئاوازەکە وەك بنەڕەت، وە بەهەمان شێوە دان پێدانان بۆ کردەوەی دوو کەنیزەکەکە لە گۆرانیەکەیان بەدەف بە ئاماژە پێکردن بە بەوەی ئەوە جیا دەکرێتەوە لەبنەڕەتەکە ( المستثنى من الأصـــل) واتە: هەروەکو ئەوە وایە بە أبوبكر(رضي الله عنه) بڵێت پێکاوتە لەدەست گرتنت بە بنە ڕەتەوە، بەڵام هەڵەت کردووە لەسەر زەنشت کردنەکەت بۆ دوو کەنیزەکەکە چونکە لەڕۆژی جەژندایە[٢٩]. چونکە لە شەریعەتی ئیسلامدا هەندێ شت بەگشتی حەرام دەکرێت بەڵام لەهەندێ ڕووەوە بەشێوەیەکی تایبەتی ڕێگەی پێ دەدرێت لەهەندێ بارودۆخدا کە دیاری کراوە .

١- ابن جوزی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: ( ڕووکەش وایە ئەو دووکەنیزەکە لەتەمەندا بچووك بوون، چونکە عائیشە کاتێك منداڵ بوو، پێغەمبەر (ﷺ) کەنیزەکەکانی بۆلای دەنارد تا یاری لەگەڵدا بکەن)[٣٠] .

١-أبو الطيب الطبري دەفەرموێت:

(ئەم فەرموودەیە بەڵگەی ئێمەیە، چونکە أبوبكر(رضي الله عنه) ناوی لێ نا بەمزماری شەیتان، وە پێغەمبەر (ﷺ) نکوڵی نەکرد لە أبوبكر(رضي الله عنه) لەسەر ئەو قسەیەی)[٣١] .

وە ئەگەر بهاتایەو ئەو ووتەیەی أبوبكر (رضي الله عنه) هەڵە بوایە ئەوا بێگومان پێغەمبەری خودا (ﷺ) نکوڵی لێدەکرد چونکە هەر کردارو وتەیەکی هەڵە بکرایە نکوڵی لێدەکرد، وە هەر کردارو گوفتارێکی باشیش هەبوایە ئەوا فەرمانی پێدەکرد و خەڵکی ڕێنمونی دەکرد، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَأْمُرُهُمْ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنْكَرِ﴾[الأعراف: ١٥٧].

**فەرموودەی دووەم**

---

(٢٩) کورتەیەك لەوەڵامی (شيخ محمد ناصرالدين الألباني) بۆ ابن حزم لە: (تحريم آلات الطرب: ص ١٠٨).

(٣٠) (تلبيس إبليس: ص٢٥٧).

(٣١) (تلبيس إبليس: ص٢٧١).

عن نافع مولى ابن عمر(رضي الله عنه): أن ابن عمر(رضي الله عنه) سمع صوت زمارة راع، فوضع إصبعيه في اذنيه، وعدل راحلته عن الطريق وهو يقول: يا نافع أتسمع؟ فأقول: نعم، فيمضي، حتى قلت: لا، فوضع يديه وأعاد راحلته الى الطريق، وقال: "رأيت رسول الله (صلى الله عليه وسلم) وسمع صوت زمارة راع، فصنع مثل هذا" (٣٢) .

**واتە: (ابن عمر) (رضي الله عنه) گوێی لە دەنگی شمشاڵی شوانێك بوو، پەنجەی خستە ناو گوێ یەكانیەوە، وە ووشترەكەی لە ڕێگە لاداو دەیووت: ئەی نافع گوێت لێیە؟ ووتم بەڵێ، هەردەڕۆیشت، تا ووتم نەخێر، ئینجا پەنجەكانی لە گوێیەكانی دەركرد، وە ووشترەكەی گەڕاندەوە سەر ڕێگاكەو ووتی: پێغەمبەری خودام بینی (صلى الله عليه وسلم) وە گوێی لەدەنگی شمشاڵی شوانێك بوو، بەو شێوەیەی كرد .**

**بەو پێیەی كە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەندێ شتی بۆخۆی پێ ناخۆش بووە نەك لەبەر حەرامێتی بەڵكو بۆ نزیك بوونەوە لەخودا بۆیە گوێی خۆی گرتووەو فەرمانی بەحەرام بوونی نەكردووە لەشوانەكە كە وازی لێ بهێنێت . وە هەروەها ابن عومەریش(رضي الله عنه) ڕێگری لەشوانەكە نەكرد.**

**لەم بارەیەوە شێخ ئەلبانی وەڵامی ابن حزم دەداتەوە بەم شێوەیە كە ئەمە كورتەكەیەتی:**

**١-جیاوازی هەیە لەنێوان گوێ لێ بوون (السماع) لەگەڵ گوێ گرتن (الإستماع) چونكە گوێ لێ بوون بەبێ هەڵبژاردە و ویستی كەسەكەیە، بەڵام گوێ لێ گرتن بەویست هەڵبژاردەی كەسەكە دەبێت .**

**٢-مەرج نییە كە شوانەكە لەلایەوە یان لە نزیكییەوە بووبێت تا ڕێگری لەو كارەبكات بەڵكو پێ دەچێت نەیبینیبێت و تەنها گوێی لێ بوو بێت ئەمە لەلایەك، لەلایەكی ترەوە وە پێ دەچێت كە شوانەكە موكەللەف نەبووبێت و تاوانی لەسەر نەبێت.**

**٣-حەرامێتی گۆرانی و مۆسیقا گەورەتر نییە لەحەرامێتی مادده بێ هۆش كەرەكان كە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە ناو هاوەڵانیدا دەژیاو ئەوانیش دەیان خواردەوە پێش ئەوەی كە حەرام بكرێت وەدانی پیا دەناو ڕێگری لێ نەدەكردن . بۆیە پێ دەچێت ئەم كردەوەپێش حەرام بوونی گۆرانی و مۆسیقا بووبێت.**

**٤-ئەگەر گریمانەیەك دروست بێت كە ئەم فەرموودەیە بەڵگەیەكی تایبەت كراوە بۆ حەڵاڵێتی شمشاڵ كە ئامێرێكی سەرەتایی و (كلاسیكی) یە نەك بە ئامێرەكانی ئەم سەردەمە كە كاریگەریان زۆرترە لە سەر جوڵاندنی حەزو ئارەزووەكان بەڵكو لەڕاستیدا ڕاستر ئەوەیە كە نابێتە بەڵگە بۆئەوەش بەڵكو بەڵگەیە لەسەر نەویستنی و ڕق لێبونەوەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بۆ دەنگی شمشاڵی شوانەكە، وەخوای گەورەش دەفەرمووێت:** ﴿ لقد كان لكم في رسول الله أسوة حسنة﴾ ،

(٣٢) (أخرجه أحمد: ٤٣٠٧)، و(أبوداود: ٤٩٢٤ – ٤٩٢٦)، و(البيهقي: ٢٠٧٨٦)، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح سنن أبي داود: ٤٩٢٤).

هەر بۆیە عبدالله ی کوڕی عمر(ﷺ) بەهەمان شێوەی کردەوەی پێغەمبەری (ﷺ) دووبارە کردۆتەوە[٣٣] .

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ابن حزم[٣٤] (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) نەیپێکاوە جگە لەوەی بۆچوونی پێچەوانەی بەڵگەکانی پێشووە کۆ دەنگی زانایان کە باسمان لێوەکرد وەبێگومان هەریەکێك لەزانایانی ئیسلام پایەی خۆیان هەیە لە هەمان کاتدا کە هەموویان کۆششیان کردووە وەهەندێ جاریش لە ڕاو بۆچوونەکانیان نەیان پێکاوە بەڵکو ئێمە کام ڕاو بۆچوونەیان نزیکترە لە قورئان و سوننەوە ئەوە وەردەگرین . وە بەوەرگرتنی هەموو ڕێگە پێدراوی زانایان و کۆکردنەوەیان وکارپێ کردنیان دەبێتە هۆی کۆبوونەوەی هەموو جۆرە خراپەیەك هەروەکو سلێمانی التمیمی ئەفەرمووێت: ( إن كنت أخذت برخصة كل عالم اجتمع فيك الشر كله)[٣٥] .

واتە: ئەگەر شوێنی روخسەتی هەموو زانایەك بکەویت ئەوا هەموو شەڕ وخراپەیەکت تێدا کۆدەبێتەوە.

**گۆرانی بەبێ مۆسیقا**

گۆرانی بێ ئاواز زیاتر هۆنراوە یاخود شیعر دەگرێتەوە . پرسیارکرا دەربارەی پێغەمبەر (ﷺ) دەربارەی هۆنراوە فەرمووی: (كلام فحسنه كحسن الكلام وقبيحه كقبيح الكلام)[٣٦] .

واتە: ووتەیەکە باشەکەی وەکو ووتەی باش وایە، وناشرینەکەی وەکو ووتەی ناشرین و خراپ وایە .

بۆیە دەتوانین بیکەین بەدوو بەشەوە:

یەکەم: ئەو هۆنراوانەی کە بەهەموو شێوەیەك حەرامن ئەو هۆنراوانە دەگرێتەوە کە هەڵەی ئیمانی تێدایە وەکو کوفرو گومڕایی و هاوبەشی بۆ خودای گەورەو هاوشێوەکانی، یاخود ئەو هۆنراوانەی تایبەتن بەبابەتی ئەڤینداری و ڕەگەزی بەرامبەر و وەسفی ئەندامانی ڕەگەزی بەرامبەری تێدا دەکرێت، یاخود هۆنراوەکانی داشۆرین کە ووشەی ناشیرین و جنێوی تێدا بەکار هاتووە و هاوشێوەی ئەمانە .

دووەم: جگە لەوانەی سەرەوە ئەو هۆنراوانەی کە باشن دەربارەی ئاین یاخود سروشتی و چاکەکاری... ئەمانە شەریعەتی ئیسلام ڕێگەی پێداوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە چەند مەرجێك بێتە جێ .

---

(٣٣) (تحريم آلات الطرب: ص١١٧ – ١١٩) بەکورت کراوەیی.

(٣٤) جگە لەم بەڵگانەی ابن حزم فەرموودەکەی بخاری کە لە یەکەم فەرموودە باسمان کرد لاواز دەکات لەکاتێکدا زانایانی تری وەك: (بخارى، النووي، ابن حجر، الأصبهاني، ابن صلاح، وغيرهم ) به صحيح يان داناوە، بڕوانە: "تحريم الات الطرب".

(٣٥) (إبن عبدالبر في جامع بيان العلم وفضله: ٢/ ٩١)، (٩٢) نقلته من: (تحريم آلات الطرب).

(٣٦) (انظر: السلسلة الصحيحة: ٤٤٧).

**١-نەکرێتە عادەت خو لەهەموو یان زۆربەی کاتدا بەڵکو هەندێ بۆنەو کاتی دیاریکراو وەکو شێخ ئەلبانی لەم بارەیەوە دەڵێت: ( وەبیرهێنانەوەی مردن، یان بیرکردنی کەس و کارو وڵات، یاخود بۆ پشووی دەروونی ولەکاتی بارگرانی و ناڕەحەتی سەفەردا، وە لەوشێوانە)[٣٧] .**

**نموونەی ئەمەش لەکاتی کارکردن لەکەندڕی خەندەقدا پشتیوانەکان دەیان ووت :**

نحن الـــــــذين بايعوا محمداً

على الجـــــهاد ماحيينا أبـــداً

**وە پێغەمبەر (ﷺ) وەڵامی دانەوە:**

اللهم لاخير إلاخير الأخرة فأغـــفـــر للأنصــــــار والمـــهاجـــرة[٣٨]

**٢-دوور کەوتنەوە لەو هەڵوێستانەی کە لەسنوور دەرچوون و جوامێری مرۆڤ کەم دەکەنەوە وەك سەر لەقاندن لەکاتی ووتنی هۆنراوەکەدا یاخود پێدان بەزەویدا وئەم شێوازانە. کاتێك عائیشە(خوای لێ رازی بێت) بەلای کەسێکدا ڕۆیی لەماڵەکەیدا بینی گۆرانی دەڵێت و سەری دەجوڵێنێت پێی ووت: (شەیتان شەیتان وە فەرمانی کرد بەدەرکردنی)[٣٩].**

**وە ابن جوزی لە ئایین زانەکانیانەوە دەڵێت: (شایەتی دان لەگۆرانی بێژو سەماکەر وەرناگیرێت)[٤٠] .**

**ئەو دووسیفەتەش پێچەوانەی مەرجەکانی سەرەوەن .**

**سروودە ئیسلامییەکان**

**سروودی ئیسلامی بەو شێوەیەی کە ئەمڕۆ گوێ بیستی دەبین کەبە دەف ومۆسیقاوە لێ دەدرێت یەکێکە لە تازەداهێنراوەکان لە دین دا چونکە لەسەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵانی دا نەبووە، لەم بارەیەشەوە پرسیارکرا لە ئیمامی(** الشـــاطبي) **کەسانێك کە خۆیان دەدەنە پاڵ صۆفیەکان و یادی خوا بەدەنگی بەرز دەکەنەوە و پاشان گۆرانی دەڵێن و سەما دەکەن؟ لەوەڵامدا دەفەرموویێت: (ئەمانە هەمووی لەتازە داهێنراوەکانن (بدعە) کە پێچەوانەی ڕێگەی پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵانێتی و شوێن کەوتوانیان بەچاکەیە)[٤١] .**

**وەشێخی ئیسلام ابن تیمیە دەفەرموویێت:** (من اتخذ الغناء والتصفيق عبادة وقربـــة فقـــد ضـــاهي المشركين في ذلك و شابهم)[٤٢] . **واتە: هەرکەسێك گۆرانی و چەپڵە لێدان بکاتە بەندایەتی و نزیك بونەوە لەخودا ئەوە خۆی چواندووە بە هاوبەش پەیداکەران لەو کارەدا .**

---

(٣٧) (تحريم آلات الطرب: ص١٢٩).

(٣٨) (الإعتصام: ١/ ٣٤٦).

(٣٩) (البيهقي: ٢٠٧٩٩).

(٤٠) (تلبيس إبليس: ٢٦٣).

(٤١) (الإعتصام: ١/ ٣٣٧).

(٤٢) (مجموعة الفتاوى: ٥٩٦/١١).

**وەهەروەها دەفەرمووێت:** (من جعل هذا دينا و طريقا الى الله تعالى فهو ضال مضل مفتر مخالف لإجماع المسلمين)(٤٣) .

واتە: هەرکەسێك ئەمە بکاتە دین و ڕێگەی بەرەو خودا ئەوە گومڕاو گومڕاکەرە و بوختان کەرەو پێچەوانەی کۆدەنگی موسڵمانانە .

وە ئەو سرودانەی کە ئێمە گوێ بیستی دەبین چەند زیانێکی لێ بەدەردەکەوێت:

١-هۆیەکە بۆ واز هێنان و دوورکەوتنەوە لەگوێ گرتن لەقورئان کەئەمەش سیفەتی هاوبەش پەیداکەران بوو هەروەکو خودا دەفەرمووێت:

﴿وَقَالَ الرَّسُولُ يَا رَبِّ إِنَّ قَوْمِي اتَّخَذُوا هَذَا الْقُرْآنَ مَهْجُورًا﴾ [الفرقان: ٣٠] .

٢-بەکارهێنانی ئامێرە مۆسیقیەکان بەهەموو جۆرەکانیەوە .

٣-بەکارهێنانی دەنگی ئافرەت بەجیاوازی تەمەنیانەوە لەهەندێك لەو سرودانەدا کاریگەری بۆ سەرجولاندنی ئارەزووی گەنجان هەیە .

٤-بەفیڕۆدانی سامان و کاتێکی زۆر بەهۆی ئەنجام دان و گوێ گرتن لەم سرودانەی کە ئامێرە مۆسیقیەکانیان تیا بەکاردێت لەبری فێربوونی زانستی شەرعی . وەچەند زیانێکی تریش.

لەکۆتایی باسەکەماندا ئەو ئەنجامە بەدەست دەهێنین کە گۆرانی و مۆسیقا زیانی زۆریان هەیە بۆ سەر موسڵمانان . وە ئەوەی شایەنی باسکردنە کە لەوەی باسمان کرد دەرکەوت کە گۆرانی و مۆسیقا بەشێوەیەکی گشتی نەویستراوە تەنها هەندێك تایبەت کراو نەبێت وەکو دەف لێدان لەکاتی مارەبڕینی ژنان دا لەلایەن ئافرەتانەوە(٤٤)، وە لەکاتی جەژن لەلایەن کیژۆڵەی منداڵەوە وە گۆرانی بێ مۆسیقا بەو شێوەی کە باسمان کرد بەمەرجەکانیەوە جگە لەمانە هەمووی دەچێتە بازنەی حەرامەکانەوە و سەرپێچی فەرمانەکانی خودا و پێغەمبەرەکەیەتی (ﷺ) . بە هیوای ئەوەی موسڵمانان لەسەر چاو ڕۆشنی لەبابەتەکان بکۆڵنەوە و بدوێن تا وەکو بە فێڵەکانی شەیتان فریو نەخۆن .

سبحانك اللهم وبحمدك، أشهد أن لا إله إلا أنت، أستغفرك وأتوب إليك

www.ba8.org

(٤٣) (مجموعة الفتاوى: ٦٣٣/١١)

(٤٤) بەبەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرمویت: (فصل ما بين الحرام والحلال، ضرب الدف )، ئەم فەرموودەیە باسی (نكاح) دەكات و تایبەتە بە ژن هێنان و شوكردنەوە: بڕوانە: (آداب الزفاف: ص ١٧٩ – ١٨٣) .